## <u>وتەیەك لەگەڵ خوێنەری ئەم سایتە</u>

ئەگەر هەڵە نەبم، لە پەرتووکخانەی زمانی کوردیدا، پەخشانی ئەدەبی لەوانەیە کەمترین جێگای گرتبێ. هەرچەشنە نووسینێك، بە تایبەت ئەگەر زەوقی و هونەری بێ، پێوەندییەکی زۆر نزیکی هەیە لەگەڵ هەست و شعوور و دنیای دەروونیی نووسەرەوە. لەم چەشنە بەرهەمانەدا نووسەر ناتوانێ هیچ زۆرییەك لەخۆ بکا. هەر شوێنەوارێك کە لە دایك دەبێ، سەرەڕای ئەو پێوەندە عاتفییە، ڕێگای ژیانێکی سەربەخۆ دەگرێ. لە تەنیشت حەوشەی بچووکی کارە فەرهەنگییەکانم کە بریتین لە هەندێ وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، باخچەیەکی پاییزیشم لە دیوی ناوەوە هەیە کە پەرژینەکەی لە هەر چوار لاوە، تەمومێژێکی بنەوشی دووکەڵئاساییـیە و دڵ ناپشکوێنێ. دنیای خەونەکانی کوردێکە، کە ئێش و ئازارەکانی تەبعیز، دووبەرەکی، ژێردەستی، هەناسەساردی و ڕەنج بە باچوونی، لە سات ساتەکانی تەمەنیدا ئەزمووە. لەو دنیایەدا، پێکەنینەکان سارد و ڕووکەش و کەمتەمەنن، و گریانەکان قووڵ و تاڵ و درێژخایەنن.

زۆریـیەکم لەخۆ نەکردووە، بە هەوای دڵ ڕۆیشتووم. ئاواڵم هەور و با و پەلەوەر و کانی بووە. ئەگەر نائومێدی شەپۆلی داوە، نەمتوانیوە بە درۆ ئومێد و هیوا بنەخشێنم؛ و ئەگەر ترووسکەی چەخماخەی هیوایەك لە ئاسۆوە لێیداوە، نەمتوانیوە بە درۆ فرمێسك هەڵوەرێنم. ویستوومە لانی کەم لەگەڵ خۆم ڕاست و یەکڕەنگ بم. هەرچی بێ، ئەوەش دنیای دەروونی مرۆڤێکە کە لە کۆمەڵێکی پڕ لە گزە و فڕوفێڵدا ژیاوە. ئەوەی لە ئاوێنەی گۆمیلکەیەکدا بینیومە، ڕەنگدانەوەی دنیای ڕوو بە گۆمیلکەکە پتر نەبووە. پاش لەدایکبوونی هەر یەك لەوانە، وەك خوێنەرێك خوێندوومنەوە؛ نەمتوانیوە بە هەوەس و بەرژەوەندی دەستکارییان بکەم. ناوی زنجیرە پەخشانەکە ***گەڵایەك لە خەزانی تەمەن*** ە، و لە مابەینی ساڵانی ۱۹۸۲ تا ۲۰۰۴دا نووسراون.

عەبدوڵڵا سەمەدی

مەهاباد – ۲۰۰۴/۹/۲



## پێشەکی

لە تاریکستانێکی ئاخنراو لە پرسیار و تژی لە سەرسوڕمان، بەدەم لەنگێزەیەکی سەرگەردانەوە، دەستێکی نادیار، مشت مشت تۆو دەوەشێنێ و لەگەڵ دڵۆپە فرمێسکەکانی باران، دەیپرژێنێتە کێڵگە وگۆڕ و پێدەشت و ڕەقەن و شۆرەکاتەوە.
چ مەحکوومێکی ئەبەدین ئەو دەنکانەی چارەیان لە سەر بەردێکی ڕەق نووسراوە، یا لە پەنا گۆمیلکەیەکی لیخندا بە زەبری سەبوونێکی دەردەدار ڕادەژێن و لە بوولێڵی تەنیایی و تەما، خەون بە باسەڕەیەکی بێکەوشەنەوە دەبینن و بە مردوویی دەژین و لاسای گیانلەبەر دەکەنەوە.
هەستی زیندەوەرێکی لە سەر وڵاتی خۆ، بێگانە و لە ناو ئاپۆرەدا، تەنیا دەبێ چیبێ، جگە لە دنیایەکی زەرد و خەزانێکی گەڵاباران و دارستانێکی هەمیشە ڕووت ؟!
هەر گەڵایەك لە سەر ڕۆخی ئەو شۆرەکاتە قەڵشیوە، ئەلبۆمێکە پڕ لە خۆزگە و هاوارێکە بە بێدەنگی .